# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان

## پرۆژەی چاودێریی دۆخی پەروەردە

## را پۆرتی چواردەیەم: جیاوازی رەگەزیی لە ناوەندەکانی خوێندن

**تشرینی دوەم ۲۰۱۸**

١/١٢/٢٠١٨

| ناونیشان | ژمارەی پەرە |
|---|---|
| بەشی یەکەم: ناساندن | |
| پێشەکی | ٤ |
| کارنامەی یەکە | ٥ |
| ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە | ٦ |
| بەشی دوەم: راپۆرت | |
| ١. دەستپێک | ٨ |
| ٢. فێرخوازان چۆن باس لە جیاوازی رەگەزی دەکەن لە ناوەندەکانی خوێندن؟ | ٩ |
| ٣. بۆچونی فێرخوازانی زانکۆ سەبارەت بە جیاکردنەوەی فێرخوازان لە ناوەندەکانی خوێندن: | ١١ |
| ٤. بەڕێوبەری ناوەندەکان بۆچی جیاوازی لە نێوان کوڕ و کچ دەکەن؟ | ١٢ |
| ٥. جیاوازی رەگەزی لە قوتابخانەکانی دەرەوەی شار و گوندەکان | ١٢ |
| ٦. رۆڵی بەرێوبەرەکان لە ئاسایی کردنەوەی پەیوەندی هاورێیەتی کچان و کوران | ١٣ |
| ٧. لە ناوەندەکان گرنگی زیاتر بە کچان دەدرێت؟ | ١٤ |
| ٨. رۆڵی مامۆستایان لە پەیوەندی نێوان کچان وکوڕان | ١٤ |
| ٩. سوکایەتی کردن بە کچان لە ناوەندەکانی خوێندن لە زاری مامۆستایانەوە | ١٦ |
| ١٠. هۆکاری جیاکردنەوەی گۆڕەپانی ناوەندەکان | ١٨ |
| ١١. کچانی فێرخواز و نوێنەری پۆل | ٢١ |
| ١٢. جیاوازی کردنی مامۆستایان لە نێوان کچان و کوڕان دا | ٢٣ |

| | |
|---|---|
| ١٣. راگرتنی هاوسەنگی بەشداریی کچان و کوڕانی فێرخواز لە چالاکیە وەرزشی و هونەریەکان | ٢٤ |
| ١٤. بەرپرسانی پەروەردی لە بارەی جیاوازی رەگەزی لە ناوەندەکان چی دەڵێن؟ | ٢٦ |
| بەشی سێیەم: راسپاردە | |
| راسپاردەکان | ٢٩ |

# بەشی یەکەم: ناساندن

## ١. پێشەکی

رادیۆی دەنگ وەکو دەزگایەکی کۆمەڵگەیی لەگەرمیان، لەپاڵ ئەرکە سەرەکیەکەی دا وەکو دەزگایەکی راگەیاندنی سەربەخۆ لەگەرمیان بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاریی و شرۆڤەو پێشهاتەکان، هاوکات چەند پرۆژەیەو کارێکی دیکەشی ئەنجامداوە، کەهەندێک لەو پرۆژانە لە دەرەوەی خانەی کاری رۆژنامەوانین.

دروستکردنی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان) یەکێکە لەو پرۆژانەی کە رادیۆکە هەستاوە بە ئەنجامدانی، ئەویش لەو سۆنگەیەوە کە کاری میدیایی لەگەڵ کاری چاودێریی دەزگاکان تێهەڵکێش بکات و بیگونجێنێت، بەشێوەیەک زۆرترین خزمەت و سودی بۆ کۆمەڵگا لێبکەوێتەوە.

کاری ئەم یەکەیە، بەتایبەت چاودێرییکردنی هەردو کەرتی (پەروەردە) و (تەندروستی)یە لەگەرمیان، لەماوەی سای رابردودا یەکەکە (٢٤) راپۆرت لەبارەی گرنگترین کێشەو ئالەنگاریەکانی بەردەم ئەم دو کەرتە بڵاوکردوەتەوەو بۆ ئەمساڵیش درێژە بە راپۆرتەکانی دەدات، بەشێوەیەک هەر کەرتەو مانگانە راپۆرتێک لە بوارێکی دیارییکراو ئامادە و بڵاو دەکاتەوە.

ئەم راپۆرتانەش جگە لە رایگشتی، ئاراستەی پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و هەروەها حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی پەیوەندیدار و ئیدارەی گەرمیان و هەروەها دامودەزگاکانی تری پەیوەندیدار دەکرێت.

هیوادارین لەم هەنگاوەی دەستمان پێکردوە، سەرکەوتو بین و کارەکەمان بتوانێت رۆڵێکی هەبێت لە کەمکردنەوەی قەبارەی کێشەکانی ئەو دو کەرتەو هەروەها دەرفەتێکیش بێت بۆ دەستنیشانکردنی هەڵەو کەموکورتییەکان و چاککردنەوەیان، لەپێناو سودی گشتی.

هەروەک بەتێبینی و سەرنجی هەمو لایەکیش خۆشحاڵ و گەورە دەبین، بەوپێیەی تاک و کۆتا ئامانجمان لەم پرۆژەیەی دەستمان داوەتێ، دروستکردنی گۆڕانکارییە بەئاراستەیەکی ئیجابی لەدەڤەری گەرمیان.

## ٢. کارنامەی یەکە

**یەکەم: ناساندن**

یەکەیەکی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

دوەم: ئامانجی یەکە

١. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.

٢. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.

٣. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.

٤. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

سێیەم: کارەکانی یەکە

١. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.

٢. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.

٣. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.

٤. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.

٥. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵک و حکومەت.

چوارەم: بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە

١.لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.

٢.پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتییانەی کێشەکان.

٣.وەرنەگرتنی هیچ کۆمەک و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

## ٣. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

### ١. رادیۆی دەنگ

رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.

لە ساڵی ٢٠١٠ەوە دامەزراوەو لە بەرواری ٦ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.

ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەک گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.

رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (٢٦٥) لە بەرواری (٢٠١٠/٢/٢) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (٣٦٨) لە بەرواری (٢٠١٠/٢/٢) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.

لەئێستادا رۆژانە ٢٤ کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی FM 99.9 پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).

رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، رۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد، بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەریەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.

جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێک چالاکی هونەریی).

### ٢. سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانج نەویستی تایبەتە بە گەشەپێدان و پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (١٢٠٠) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (٩٠) نەوەد وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (١٩٨٣) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاراستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەڕێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەڕێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

**٤. ناساندنی ناوچەی گەرمیان:**

گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوک بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.

ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێک قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی: (کەلار و کفری و بەشێک لە قەزای خانەقین.)

لەدوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی پارێزگای کەرکوک کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان و بەشێک لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە، پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوک.

بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی رژێمی پێشوی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پارێزگای کەرکوک لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێک لە رۆژی ٢٠٠٦/٨/٦ "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی ٢٠٠٨ بڕیاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

## بەشی دووەم: راپۆرت

### ١. دەستپێک

جیاوازی رەگەزی ئەو بابەتەیە لە نێو کەرتی پەروەردەدا بونی هەیە و رێژەی ئەو جیاوازیەش لە جێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی دیکە دەگۆرێت، سنوری گەرمیانیش لەو جیاوازییە بێ بەش نیە و لە بەشێکی ناوەندەکانی خوێندن رەنگی داوەتەوە.

ئەو جیاوازییانەی لە ناوەندەکانی خوێندن دەکرێن زۆرن، بەڵام دیارترینیان بێبەشکردنی کچان لە نوێنەرایەتیکردن و جیاکردنەوەی کچان و کوڕان لە کاتی پشوەکاندا، لەگەڵ چەندین جیاکاری دیکە.

ئەو جیاکارییانەی لە ناوەندەکان دەکرێن بەشێکی لە لایەن مامۆستایان و بەشێکی لەلایەن بەڕێوبەرەکانەوە دەکرێت، بەشێکی دیکەشی کاریگەری کلتور و دابونەریتە، لەم راپۆرتەدا وردەکاری و هۆکارەکانی دەخەینەڕو.

بە پێی ئاماری بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی کەلار و کفری بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٨-٢٠١٩ رێژەی فێرخوازان لە ناوەندەکانی خوێندن بۆ قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەیی بەم شێوەیەیە:

| ز | پەروەردەکان | کۆی گشتی | کوڕ | کچ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | کەلار | ٥٧١١١ | ٢٩٠٣٩ | ٢٨٠٧٢ |
| ٢ | کفری | ١١٥٧١ | ٥٩٣٢ | ٥٦٣٩ |

## ٢. فێرخوازان چۆن باس لە جیاوازی رەگەزی دەکەن لە ناوەندەکانی خوێندن؟

پەیوەندی هاوڕێیەتی نێوان فێرخوازان لایەنێکی گرنگی سەرکەوتوبونی پرۆسەی خوێندنە، بەشێک لە فێرخوازان باس لەوە دەکەن مامۆستایان هەوڵی ئەوەیان نەداوە کە پەیوەندی هاوڕێیەتی و لێک نزیک بونەوەیان لە ناوەندەکان ئاسایی بکەنەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوەیە.

ئەحمەد سەباح ئەحمەد، فێرخواز قۆناغی هەشتەمەی بنەڕەتی لە قوتابخانەی (وەفایی) بنەڕەتی لە کەلار، دەڵێت: "بە زۆری جیاوازی ناکرێت لە نێوان کوڕ و کچ ئەگەریش هەبێت رەنگە شەخسی بێت، بەڵام ئیجرائاتەکان توندن، ئەگەر کچێک گوڵێکی بەستبێ لە قژی بە زۆر لەسەری ئەکەنەوە و زۆرجاریش سوکایەتی پێ ئەکەن، یان کوڕێک دەستبەن یان هەرشتێکی دی پێبێت لێی وەرەگرن زۆرجار هەر پێی نادەنەوە".

وتیشی: هەوڵیان نەداوە پەیوەندی نێوان کوڕ و کچ ئاسایی بکەنەوە، بە پێچەوانەوە ئەگەر کچ و کوڕێک قسە بکەن پێکەوە ئاگادارییان دەکەنەوە.

لە هەندێک ناوەند هاوسەنگی رانەگیراوە لە نێوان کوڕان و کچان بۆ بون بە نوێنەر، ئاستی کچان بە کەم توانای لە قەڵەم دراوە.

لاڤین ساڵح کەریم، فێرخواز قۆناغی هەشتەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەی سەرکەوتن لە کەلار، دەڵێت: "ئێمە ناکەن بە نوێنەری پۆل و پێیان دەڵێین بۆچی؟ دەڵێن چونکە ئاستتان کەمە و ناتوانن کۆنترۆڵی گرفتەکانی ناو پۆل بکەن".

وتیشی: تەنانەت گۆڕەپانمان جیاکراوەتەوە و قاتێکیان تایبەت کردوە بۆ کوڕەکان، هیچ هەوڵی ئەوەیان نەداوە پەیوەندی نێوان کوڕان و کچان ئاسای بکەنەوە، بەڵکو وایان کردوە هێندەی تر لەیەک دوربکەوینەوە، تەنانەت بۆ حانوتیش ئەبێت ئیزن لە مامۆستاکانمان وەربگرین ئینجا بچین.

بە پێچەوانەوە، محەمەد نازم فەخرەدین، فێرخواز قۆناغی نۆیەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەی (ئیمام محەمەدی تێکەڵ) لە قەزای کفری، دەڵێت: "مامۆستاکان هەمو بەیەک چاو سەیری ئێمە دەکەن، نەشبوە سوکایەتیمان پێبکرێت دەربارەی جلوبەرگ و ماکیاژ، بەڵکو هەر ئاگادار کراوینەتەوە".

وتیشی: بۆ بون بە نوێنەر بەپێی دەنگ کەسێک دەکرێت، هەروەها بە نمرە ئینجا ئاست دەکرێت لەسەر کتێب و خوێندن.

لە بەشێک لە ناوەندەکانی خوێندن بە تایبەت لە قۆناغی ئامادەییەکان هاوسەنگی راگیراوە لە نێوان کوڕان و کچان، هەوڵدراوە پەیوەندی نێوان هەردو رەگەز ئاسایی بکرێتەوە.

دنیا رەجەب عەلی، فێرخوازی قۆناغی دەیەمی زانستی لە ئامادەییی (گەرمەسێر) لە کەلار دەڵێت: "هاوسەنگیان راگرتوە لە نیوان هەردو رەگەز بۆ بون بە نوێنەر لە پۆلەکاندا هەروەک ئێمە گۆڕەپانمان تێکەڵە، تاوەکو ئێستاش هیچ شتێک نەوتراوە نەکراوە بەرامبەرمان بەوەی کە قسە دەکەین پێکەوە، هیچ هەوڵیش نەدراوە لە یەکمان دور بخەنەوە.

بە هەمانشێوە، بیلال جەلال عەزیز، فێرخوازی قۆناغی یانزەیەمی زانستیە لە ئامادەیی (ئیبراهیم ئەحمەد) لە کەلار دەڵێت: "مامۆستاکانم سوکایەتیان پێنەکردوین بۆ هیچ شتێک زۆریش لێیان رازین، تەنها ئیجرائاتیان ئەوەیە کە رێنمایمان دەکەن و دەڵێن با ئەو شتە دوبارە نەبێتەوە، ئەگەر نا مەیەوە پۆل".

وتیشی: جیاوازی رەگەزی دەکرێت تا رادەیەک، بەڵام زۆر زەق و دیار نیە، لەگەڵ ئەوەش هەمو مامۆستایەک وانیە، بەڵکو زۆربەیان باشن.

هەندێک لە فێرخوازانی ناوەندەکان باس لەوە دەکەن هێندە جاوازی و لێک دورخستنەوەمان توندە وەک ئەوە وایە لە مەکتەبێکی کوڕان بە تەنها یان کچان بیت.

ئەیادساڵەح کەریم، فێرخوازی قۆناغی دەیەمی زانستی لە ئامادەیی (هاوکاری) لە کەلار دەڵێت: "لە ناوەندەکەی ئێمە جیاوازییەکە زۆرە بە جۆرێکە کە زۆربەی پۆلەکان نوێنەرەکانیان کوڕن تەنانەت هەشە دو نوێنەری هەیە هەردوکیان کوڕن لە کاتێکدا ئەبوایە دانەیەکیان کچ بوایە، هەروەها ئێمە گۆڕەپانمان لە یەکتر جیا کراوەتەوە و ئێمە لە شوێنێکین زۆر بچوک و ناخۆشە، تەنانەت حانوتەکەشمان جیا کراوەتەوە".

وتیشی: بۆ سەرپێچی کردن بۆ کوڕەکان زۆر خراپن، ئەگەر شتێک بکەین راست دەمان نێرنەوە ماڵەوە، لەگەڵ کچەکان تەنها لە پۆل تێکەڵین، ئەگینا وەک ئەوەیە مەکتەبەکەمان یان کوڕان بێت یان کچان.

بە پێچەوانەوە، باخان مەحمود ئەحمەد، فێرخوازی قوناغی دوانزەیە لە ئامادەیی (پێبازی تێکەڵ) لە ناحیەی پێباز، دەڵێت: "لەم قوتابخانەیەی منی تێدام هیچ جیاوازیەک نییە لەنێوان کچ و کوردا پەیوەندیەکی باش هەیە لەنێوان مامۆستاو خوێندکار، لە بەرامبەر هەر شتێک کە فێرخواز بیکات، هیچ سوکایەتیەک نییە ئەگەر خوێند کار هەڵەیەکیش بکات یان مکیاج بکات مامۆستا بانگی دەکات دو بەدو پێی ئەڵێت و لەپێش چاوی ئەوانی دی بەخوێندکارەکە ناڵێت بۆ ئەوەی هەستی بریندار نەبێت".

وتیشی: نوێنەری کچ هەیە لەقوتابخانەکەماندا، بەڵام زیاتر کوڕان حەزیان بەنوێنەرییە نەک کچان، هەروەها جیاوازی نییە لەنێوان کوڕو کچ پەیوەندی هاوڕێیەتی هەیە ئاساییە.

بە هەمان شێوە، شێنێ کامل عەزیز، فێرخوازی پۆلی یانزەیەمی زانستی لە ئامادەییی (فیدراڵ) لە قەزای کفری دەڵێت: " مامۆستاکانمان هیچ جیاوازی ناکەن لە نێوانمان، هیچ کاتیش نەبوە سوکایەتیمان پێبکەن، بەڵام بۆ جلوبەرگ و ماکیاژ کردن ئاگادارمان دەکەنەوە، ئەگەر پێشێلکاری بکەی ئەو کات ئیجرائات دەکرێت".

وتیشی: لە ناوەندەکەی ئێمە جیاوازی نەکراوە لە نێوان کوڕ و کچ بۆ نوێنەری لە پۆلەکان، بەڵکو هاوسەنگیان راگرتوە وکورێک و کچێک ئەکرێت بە نوێنەر.

## ٣. بۆچونی فێرخوازانی زانکۆ سەبارەت بە جیاکردنەوەی فێرخوازان لە ناوەندەکانی خوێندن:

سەبارەت بە لەیەک دورخستنەوەی کچان و کوڕان لە ناوەندەکانی خوێندن کاریگەرییەکەی بۆ قۆناغی خوێندنی زانکۆ، فێرخوازانی زانکۆ دەڵێن روبەروی گۆشەگیریی بوینەتەوە لە زانکۆ.

دێکان شکار، کوڕە خوێندکارێکی بەشی بیرکاریە لە زانکۆی گەرمیان، لەبارەی ئەو جیاوازی و لێکدابڕانەی کە لەقوتابخانەکاندا هەیە، دەڵێت: "لە قوتابخانە کەمتر تێکڵاوی هەبو بەهۆی رێگریەوە، پێویستە لە قوتابخانەکاندا مامۆستا لەرێگەی وانەکان و گروپاتەوە کەشێکی باش بۆ خۆێندکار برەخسێنێت بۆ ئەوەی لە زانکۆدا خوێنکار بزانێ چۆن مامەڵە بکات".

بە هەمانشێوە، ئاڤان سالەح، خۆێندکاری قۆناغی یەکەمی بەشی فیزیاییە، لە زانکۆی گەرمیان، لەبارەی جیاوازی ساڵی پار و ئەمساڵی دەڵێت: لەقوتابخانە بەهۆی رێگری مامۆستا و کەمی رێستەکانەوە نەمان دەتوانی تێکڵاوی لەگەڵ کوردا بکەین، بەڵام بۆ چارەسەری ئەمە دەبێت ماموستا هەر لەسەرەتاوە لە رێگەی پەروەردەیەکی دروستەوە رێگە بەم تێکڵاوییە بدەن لە ناوەندەکانی خوێندن.

## ٤. بەڕێوبەری ناوەندەکان بۆچی جیاوازی لە نێوان کوڕ و کچ دەکەن؟

هەندێک لە ناوەندەکان وەک بەڕێوبەرانی باسی لێوەدەکەن ئەگەرچی جیاوازی ناکەن لە نێوان فێرخوازان چ لە روی ئیجرائاتەکانەوە بێت چ لە روی پێدانی ڕێنمای و بەشداری پێکردنیان لە چالاکیە هونەری و وەرزشیەکاندا، بەڵام هەر کچانیان بەلاوە گرنگترە.

محەمەد کەریم عەلی، بەڕێوبەری قوتابخانەی (هۆشیار)ی بنەڕەتی لە ناحیەی رزگاری دەڵێت: "لە ناوەندەکەمان هیچ جیاوازییەک نیە لە نێوان کوڕ و کچ، هەروەها من کچەکانم زیاتر خۆشدەوێت و لە کوڕەکان باشترن لە روی هەمو شتێکەوە، لەگەڵ ئەوەش بۆ ئیجرائاتەکان تەمەنام دەکرد بگەڕایەتەوە سەردەمی بەعس، چونکە ئێستا پەروەدە رێگە نادات ئیجرائات بکرێت، بۆیە ئەگەر یەکێک لە کوڕەکان جگەرە بکێشن لە ناوەندەکەمان تەنها دەتوانم رێنمای بکەم و ئاگاداری بکەم نەک پێی تەرک بکەم و نەیکێشێت لە ناوەندەکەدا".

بە هەمانشێوە، هەمزە حەسەن محەمەد، بەڕێوبەری ئامادەیی (برایەتی) لە ناحیەی رزگاری، دەڵێت: "ئەگەرچی تا رادەیەکی زۆر جیاوازی ناکرێت لەگەڵ ئەوەش زیاتر گرنگی بە کچەکان دەدەین، چونکە ناسکترن و لە کوڕەکانیش باشترن، تەنانەت لە کاتی ئیجرائاتەکانیش کە لەبەرامبەر هەر سەرپێچییەک کە دەکرێت جیاوازی دەکەین لە بەینی کچ و کوڕ، چونکە کۆمەڵگەکە وا ئەخوازێت کاتێک کچێک هەڵەیەک دەکات پێویستە چارەسەری بکەین بە داخراوی، بەڵام بۆ کوڕێک ئێمە دەی گوازینەوە لە ناوەندەکەمان".

## ٥. جیاوازی رەگەزی لە قوتابخانەکانی دەرەوەی شار و گوندەکان

بەهۆی کەمی فێرخواز لە ناوەندی گوندەکان گرفتێکی ئەوتۆ نیە تاوەکو جیاوازی بکرێت لە نێوانیاندا و لە یەکیان دور بخەنەوە.

جوانە حمەنەجیب حمەساڵح، بەڕێوبەری قوتابخانەی (بەرلوت)ی بنەڕەتی سەربە قەزای کەلار، دەڵێت: "قوتابیمان کەمە بە هەموی (٧٠) قوتابی دەبن، هیچ جیاوازییەکمان نەکردوە لە نێوانیان بە یەک چاو سەیری هەمویان دەکەین، تەنانەت کە هەر کارێک بکرێت لە ناوەندەکەمان وەک یەک بەشدارن تێیدا، بۆ نمونە سۆپەی پۆلەکان کچەکان پاکی دەکەنەوە کوڕەکان نەوتی تێدەکەن بەوشێوەیە هاوسەنگیمان راگرتوە".

بەهەمان شێوە، محەمەد جەمال حسێن، بەڕێوبەری قوتابخانەی (توکن)ی بنەڕەتی لە ناحیەی سەرقەڵا سەربە قەزای کفری، دەڵێت: "ئێمە وەک سەنتەری شار قوتابیمان زۆر نیە و لۆدمان لەسەر بێت، قوتابیەکانیشمان زۆربەیان خزمی یەکن و هیچ جیاوازیەکمان نەکردوە لە نێوانیان چ لە روی جلوبەرگەوە چ لە روی لێپێچینەوەکانەوە".

وتیشی: بۆ بونی هەر کێشەیەکیش لیژنەمان هەیە کە لە (٣) مامۆستا پێکهاتوە بە دواداچونی بۆ دەکەن و چارەسەری دەکەن.

## ٦. ڕۆڵی بەڕێوبەرەکان لە ئاسایی کردنەوەی پەیوەندی هاوڕێیەتی کچان و کوڕان

بە پێچەوانەی بەشێکی زۆری ناوەندەکان هەندێک لە ناوەندەکان هەوڵی ئاسایی کردنەوەی پەیوەندی هاوڕێیەتی کوڕ و کچ دەدەن لە ناوەندەکان و بەشداری چالاکیەکانیان پێدەکەن وەک یەک.

کاوە ئیبراهیم عەلی، بەڕێوبەری ئامادەیی (فیدراڵ) لە قەزای کفری دەڵێت: "لە ناوەندەکەی ئێمە نەک هاوسەنگی لە نێوان فێرخوازەکان راگیراوە، بەڵکو لە نێوان فێرخوازان و مامۆستایانیش هاوسەنگیمان راگرتوە، هەرگرفتێکیش هەبێت لیژنەمان هەیە بۆ چارەسەرکردنی".

وتیشی: لە ناوەندەکەمان پەیوەندی نێوان کوڕ و کچمان ئاسایی کردوەتەوە لە هەمو رویەکەوە تەنانەت یاری سەرمێز دەکەن بەرامبەر بەیەک و گۆڕەپانیشمان تێکەڵە و جیامان نەکردونەتەوە، بەڵام هەشمانە گۆشەگیرن بە هەردو ڕەگەز.

هاوشێوەی هاوتاکەی، هاشم ساڵەح، بەڕێوبەری قوتابخانەی (هاوچەرخ)ی بنەڕەتی لە قەزای کفری دەڵێت: "جیاکاری لەنیوان فێرخوازاندا لەو باوەڕەدانیم هەبێت و هەستم پێنەکردوە، بەڵکو ئەوەی هەیە لێپێچینەوەکانە ئەویش لەسەر بنەمای پەروەردەیی دەکرێت.

وتیشی: پەیوەندی نێوان کچ و کوڕ لە ناوەندەکان لەسەر بنەمای هاوڕێیەتی و هاوپۆلیە، جگە لە خۆیان کەس ناتوانێت ئاڵۆزی بکات یان ئاسایی بکاتەوە، ئەگەریش گرفتێک هەبوبێت لەلایەن ئیدارەی ناوەندەکە هەوڵی چارەسەرکردنی دەدرێت.

## ٧. لە ناوەندەکان گرنگی زیاتر بە کچان دەدرێت؟

لە بەشێکی ناوەندەکانی خوێندن ئەگەرچی جیاوازی رەگەزی ناکەن و تا رادەیەک هاوسەنگیان راگرتوە، بەڵام ئەوەی هەیە زیاتر گرنگی بە کچەکان دەدەن هۆکاری ئەمەش تێرَوانینی کۆمەڵگەیە.

دنیا رەجەب عەلی، فێرخوازی قۆناغی دەیەمی زانستی لە ئامادەیی (گەرمەسێر) لە کەلار، دەڵێت: "مامۆستاکانی ئێمە کچەکانیان زیاتر خۆش دەوێت وەک لە کورەکان، تاوەکو ئێستاش هیچ مامۆستایەک سوکایەتی پێنەکردوین بە هیچ هۆیەک".

بەشێک لە مامۆستایان ئەو بۆچونە پشت راست دەکەنەوە کە گرنگی زیاتر دەدەن بە کچان هۆکارەکەشی دەبەستنەوە بە کۆمەڵگاوە.

کامەران عەزیز حسێن، بەڕێوبەری ئامادەیی (کوردستانی نویٚ) لە قەزای کەلار، دەڵێت: "وەک ئیدارە و مامۆستایانیش هیچ جیاوازییەک ناکەین لە نێوان فێرخوازانمان، هەر دەرفەتێکیش هەبێت لەگەڵ توێژەرەکەمان سەردانیان دەکەم و بە بەردەوامی رێنماییان پێدەدەین، ئەگەرچی کەمێک زیاتر گرنگی بە کچەکان دەدەین، چونکە ناسک ترن ئەگینا جیاوازی نیە ئەوە".

بەهەمان شێوە، شەهاب ئەحمەد سالح، بەڕێوبەری قوتابخانەی (کوردۆ قاسم)ی بنەڕەتی لە کەلار، دەڵێت: لە ناوەندەکەمان هیچ جیاوازییەک ناکەین لە نێوان هەردو رەگەز بە چاوی مرۆڤبون سەیریان دەکەین نەک رەگەزی، راستە ئێمە زیاتر گرنگی بە کچەکان دەدەین و ئیجرائاتمان توند نیە بەرامبەریان، هۆکاری ئەمەش کۆمەڵگایە کە وا ئەخوازێت.

## ٨. رۆڵی مامۆستایان لە پەیوەندی نێوان کچان وکوڕان

بەشێک لە مامۆستایان هەوڵی ئەوەیان داوە کە پەیوەندی نێوان کوڕ و کچ ئاسایی بکەنەوە لە ناوەندەکانی خوێندن و هەندێکیشیان بە پێچەوانەوە.

ژیان فەیسەڵ سالار، مامۆستا و پسپۆڕی کوردی لە ئامادەیی (هەواسان) لە ناحیەی مەیدان لە سنوری پەروەردەی کەلار، دەڵێت: " لای ئێمە پەیوەندیەکی باش لەنێوان کوڕ و کچدا هەیە، چونکە زۆرینەیان خزم و دراوسێن، ئێمەش هەوڵی ئەوەمانداوە کە پەوەندییەکی هاوڕێی و دۆستانەیان هەبێت".

بە پێچەوانەوە، گۆران نامیق ئیبراهیم، مامۆستا و پسپۆڕی کوردی لە قوتابخانەی (شۆڕش)ی بنەڕەتی لە قەزای کفری، دەڵێت: "پەیوەندی نێوان کوڕ و کچ نابێت پەیوەندییەکی هاوڕێیەتی بێت، چونکە دواتر ئەو هاوڕێیەتیە دەبێتە پەیوەندییەکی خۆشەویستی و دواتر سەر بۆ شتی هەڵە دەکێشێت کەچەندین نمونەمان هەیە کە سەرەتای هەڵەکان دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی هاوڕێیەتی، ئێمە موسڵمانین و لەکۆمەڵگایەکی موسڵماندا دەژین ئەم پەیوەندییە قبوڵکراو نیە".

هەندێک لە مامۆستایان باس لەوە دەکەن مامۆستایان رۆڵێکی ئەوتۆیان نەبوە لەوەی کە هاوڕێیەتی کوڕ و کچ ئاسایی بکەنەوە، بەڵکو بە جۆرێکە هیچ گرنگیەک بۆ خوێندنگەی تێکەڵ نەماوە.

سەریاس سەمین ئەحمەد، مامۆستا و پسپۆڕی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەی (ئاڵا)ی بنەڕەتی لە کەلار، دەڵێت: "بەشێوەیەک جیاوازی دەکرێت لە ناوەندە تێکەڵەکان پێمان ئەڵێت هیچ گرنگیەک بۆ خویندنگەی تێکەڵ نەماوە، بۆیە شتێک نیە بە ناوی هاوڕێیەتی کوڕو کچ تەنها شێوازێکی رواڵەتی هەیە و سیستەمەکەش ئەو دەرفەتەی نەڕەخساندوە، هەمیشە وەکو نامەحرەم لە یەکتر دەڕوانن، ئەم حاڵەتە تەنانەت لە پۆلەکانی سێ و چواری بنەڕەتیش بەرچاوە".

هەندێک لە مامۆستایان باس لەوە دەکەن کە رۆڵێکی وایان نەبوە بۆ دروست بونی پەیوەندی نێوان کچ و کوڕ، چونکە پێیان وایە ناتوانن هاوسەنگی رابگرن.

زاگرۆس ئەحمەد وەلی، مامۆستا و پسپۆڕی ئابوری لە ئامادەیی (رێبەری ئێواران) لە ناحیەی پێباز، دەڵێت: "ئێمە رۆڵێکی وامان نەگێڕاوە بۆ دروست کردنی پەیوەندی و لیێک نزیکبونەوەی کچان و کوران، چونکە پێمان وایە لەو ئاستە باڵایەدا نین کە هەردو رەگەز بتوانن پەیوەندییەکی هاوسەنگ لە نێوانیان رابگرن، بەڵکو زۆرجار دەبێتە هۆی دروست بونی کێشە".

لە ناوەندەکانی تایبەت بە کچان، وەک مامۆستایان باسی لێوە دەکەن، فێرخوازان خۆیان هەوڵی دروستکردنی پەیوەندی هاوڕێەتی دەدەن.

جوانە ناسر فەتاح، مامۆستا و پسپۆڕی مێژو لە ئامادەیی (سۆلاڤی کچان) لە قەزای کفری دەڵێت: "ناوەندەکەی ئێمە تەنها کچن و ئەوەی هەیە خۆیان هاوڕێیەتی لە نێوان خۆیان دروست دەکەن و چۆن مامەڵە دەکەن لەگەڵ یەکدی کێشەیان نیە".

## ٩. سوکایەتی کردن بە کچان لە ناوەندەکانی خوێندن لە زاری مامۆستایانەوە

یەکێک لەو سوکایەتیانەی کە باس دەکرێت بە کچان دەکرێت لە ناوەندەکانی خوێندن بە هۆی جوانکارییەوەیە، بەڵام بە وتەی مامۆستایان لە ناوەندەکانی خوێندن نەبوە سوکایەتی بە فێرخوازی کچ بکرێت و ئیجرائاتی توند بەکاربهێنرێت بەرامبەریان.

ئەژین مەحمود محەمەد، مامۆستا و پسپۆڕی کیمیا لە ئامادەی (زرنگ) لە ناحیەی رزگاری، دەڵێت: "هیچ کات نەبوە سوکایەتی بە فێرخواز بکەین بەتایبەت کچەکان لە روی جوانکاریەوە ئاگادارمان کردونەتەوە ئەگەر سەرپێچی بکەن و ناچارمان بکەن ئەو کات ئیجرائاتی توند بەکاردەهێنین و ئەیبەینە دەرەوە و خۆمان ماکیاژەکەی بە کلینس بیسرین، هەروەها بۆ ئەمساڵ ئێمە گوڵی پرچمان قەدەغە کردوە، ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە پێش چاوی فێرخوازەکانی دەگرت و داوای فێرخوازان بو کە نەیهێڵین".

هەندێک لە مامۆستایان باس لەوە دەکەن کە بابەتی جوانکاری کچان خولقێنەری کێشەی بەردەوامن.

سەریاس سەمین ئەحمەد، مامۆستا و پسپۆڕی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەی (ئاڵا)ی بنەڕەتی لە کەلار دەڵێت: بابەتەکانی جوانکاری خوڵقێنەری کێشەی بەردەوامن لە ناوەندەکانی خوێندندا، دەبێت ئەوە بزانین کە خوێندن تاک بۆ کۆمەڵگە پەروەردە دەکات و ناکرێت لە دەرەوە بە ئازادی جوانکاری بەکاربهێنرێت و لە ناوەندەکانی خوێندنیش بەو شێوەیە بن.

لە هەندێک لە ناوەندەکان توندترین ئیجرائات کە بەرامبەر بە فێرخواز بکرێت بە تایبەت بۆ کچەکان بانگکردنی خێزانەکانیانە.

جوانە حمەنەجیب حمەساڵەح، بەڕێوبەری قوتابخانەی (بەرلوت)ی بنەڕەتی سەربە قەزای کەلار، دەڵێت: "نەبوە لەسەر سەرپێچییەک سوکایەتی بە قوتابیەکان بکەین بەتایبەت کچەکان، ئەوەی کردومانە بانگمان کردون و ئاگادارمان کردونەتەوە و رێنمایشمان بە هەمویان داوە، ئەگەر باش نەبن بانگی خێزانەکانیان دەکەین".

"نەبوە سوکایەتی بە فێرخواز بکەین، بەڵام لە بونی هەر کێشەیەک بۆ کچەکان کەمتر بەڵام بۆ کوڕەکان توندم لە ئیجرائات، چونکە کچەکان دڵیان ناسکترە". کاوە ئیبراهیم عەلی، بەڕێوبەری ئامادەیی (فیدراڵ) لە قەزای کفری وادەڵێت.

بەشێک لە بەڕێوبەران باس لەوەدەکەن ئیجرائاتەکان کاتێک توند دەبێت رەفتارەکانی لایەنی بەرامبەرە وادەکات توند بێت.

هەمزە حەسەن محەمەد، بەڕێوبەری ئامادەیی (برایەتی) لە ناحیەی رزگاری، دەڵێت: "هەندێکجار کە ئیجرائاتەکان توندن هەڵسوکەوتی بەرامبەر ناچارت دەکات کە توند بیت ئێمە تەلەبەی وامان هەیە بە شەرمەوە قسەی لەگەڵ دەکەی هی واشمان هەیە ناچارت دەکات بیشکێنیتەوە، ئەگەرچی زۆرترین ئیجرائاتەکانمان رێنمای و ئاگادارکرنەوەیە، نەبوە سوکایەتی بە فێرخواز بکەین بەتایبەت کچەکان".

جوانە ناسر فەتاح، مامۆستا و پسپۆری مێژو لە ئامادەیی (سۆلاڤی کچان) لە قەزای کفری جەختلەوەدەکاتەوە کە سوکایەتی لە ناوەندەکەیان زۆر دەگمەنە: "لە ناوەندەکەی ئێمە سوکایەتی کردن بە فێرخواز هەر زۆر کەمە، بەڵکو دەگمەنە، ئەوەی هەیە پێدانی رێنماییە".

لە بەشێک لە ناوەندەکان بۆ ئیجرائاتەکان جیاوازی دەکرێت بەتایبەت بۆ کچان، هۆکاری جیاوازیەکەش دەدەنە پاڵە ئەوەی کە کچان "ناسکن".

کامەران عەزیز حسێن، بەڕێوبەری ئامادەیی (کوردستانی نوێ) لە قەزای کەلار دەڵێت: "بەهۆی داخراوی کۆمەڵگە بەرامبەر بە کچان ئیجرائاتەکان جیاوازن نەشبوە سوکایەتی بکرێت بە کچێک هەر گرفتێکیش هەبوبێت لە نێوان فێرخواز و توێژەر چارەسەر دەکرێت، بەڵام ئەمە بۆ کوڕەکان ئاساییە ئەگەر دو رۆژیش فەسڵ بکرێت، چونکە کۆمەڵگاکە وا ئەخوازێت".

لە بەرامبەریشدا، عەدالەت لەتیف عوبێد، بەڕێوبەری پەروەردەی کەلار، دەڵێت: "هیچ فێرخوازێک نەبوە بێت و سکاڵا بکات و سوکایەتی پێکرابێت بە تایبەت کچان، ئەوەشی کە خۆم سەردانم کردوە ناوەندەکان کەس نەبوە شتی وا بڵێت".

بەپێچەوانەوە، ئیسماعیل سەمین، بەڕێوبەری پەروەردی کفری، دەڵێت: "سوکایەتی کردن بە فێرخواز لە ناوەندەکانی خوێندن کێشەیەکی بەردەوامە و هەتا ناوەند و فێرخواز هەبێت بونی هەر دەمێنێت".

سەبارەت بە سوکایەتی کردنی فێرخوازان بەتایبەت کچان، دارا ئەحمەد سەمین، بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان، دەڵێت: "سکاڵای سوکایەتی کردن بە فێرخوازان نەهاتوەتە لامان، بەڵکو هەر ناوەندە و کۆمەڵێک رێنمای تایبەت بەخۆی هەیە پێویستە فێرخواز پێوەی پابەندبێت، بەڵام فێرخوازێک سەرپێچی بکات ئەمە ناکاتە ئەوەی سوکایەتی پێبکرێت بەڵکو پێویستە رێنمای بکرێت".

## ١٠. هۆکاری جیاکردنەوەی گۆڕەپانی ناوەندەکان

یەکێک لەو جیاکارییانەی لە ناوەندەکان دەکرێت جیاکردنەوەی جێگەی پشوی فێرخوازانە لە کاتێکدا کە ناوەندەکان خۆیان کوڕ و کچ پێکەوەن، ئەم جیاکردنەوەش بەبیانوی ئەوەی کە توشی گرفتی پێشوەخت نەبنەوە.

ئەژین مەحمود محەمەد، مامۆستا و پسپۆڕی کیمیا لە ئامادەیی (زرنگ) لە ناحیەی رزگاری، دەڵێت: ئێمە گۆڕەپانمان جیایە، ئەمەش رێنمای پەروەردە نیە، بەڵام سەرپەرشتیاری کارگێڕی ئەو رێنماییە دەبەخشێت کە جیایان بکەینەوە، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە فێرخوازان لە قۆناغێکی هەستیاردان بۆ ئەوەی توشی گرفت نەبن، بەڵکو زۆرێک لە کچانیش ئەوەیان پێخۆشە، چونکە بەرای خۆیان ئازادی وەردەگرن.

لە بەشێکی زۆری ناوەندە بنەڕەتیەکان گۆڕەپانەکان لە بازنەی یەک ئاساییە و تێکەڵن، بەڵام لە بازنە دو لەیەک جیاکراونەتەوە، ئەگەرچی تەنها یەک ناوەندیشە.

عومەر رەزا رەشید، مامۆستا و پسپۆڕی کوردی لە قوتابخانەی (شێخ حسێن)ی بنەڕەتی لە ناحیەی رزگاری، دەڵێت: "ئێمە لە قوناغی یەک بۆ چوارەکان هەر تێکەڵن، بەڵام لەم قۆناغەکانی تر تاوەکو قۆناغی نۆ خۆیان داوایان کردوە کە بە تەنها بن و پێی ئاسودەن".

جیاکردنەوەی فێرخوازان لە ناوەندەکانی خوێندن لە یەکدی لە گۆڕەپانی پشودان رێنمای پەروەردە نیە، بەڵکو بەڕێوبەران خۆیان ئەوەیان کردوە.

محەمەد کەریم عەلی، بەڕێوبەری قوتابخانەی (هۆشیار)ی بنەڕەتی لە ناحیەی رزگاری، دەڵێت: "ئێمە یەک گۆڕەپانمان هەیە و بەین نەدراوە، بەڵکو تێکەڵ نابن، بەهۆی ئەوەی بەرپرسیاریەتی هەیە بۆ ئەوەی توشی کێشە نەبن ئەمەش رێنمای پەروەردە نیە، بەڵکو خۆمان وامان لێکردوە".

هاوشێوەی ئەوانی تر، هەمزە حەسەن محەمەد، بەڕێوبەری ئامادەیی (برایەتی) لە ناحیەی رزگاری، ئەوە دەخاتەرو کە نابێت تێکەڵ بن، چونکە لە تەمەنێکی هەستیاردان "یەک گۆڕەپانە، بەڵام نابێت تێکەڵ بن بەهۆی هەندێک هۆکار یەکێک لەوانە کە پەیوەندی خۆشەویستی هەبوە لە ناوەندەکەمان و گرفت روی داوە، چونکە لە تەمەنێکی هەستیاردان راستە ئەمەش کاریگەری دەبێت بۆ قۆناغی زانکۆ، بەڵام ئەوە باشترینە".

لە ناوەندەکانی دەرەوەی شار جیاوازە لە ناوەندەکانی ناوشار، چونکە هەوڵ نەدراوە کوڕ و کچ لەیەکدی جیابکرێتەوە ئەو گۆڕەپانەیشی کە تێیدان پێکەوەن.

جوانە حمەنەجیب حمەساڵەح، بەڕێوبەری قوتابخانەی (بەرلوت)ی بنەڕەتی سەربە قەزای کەلار، دەڵێت: ئێمە یەک گۆڕەپانمان هەیە و هەموی تێکەڵن جیامان نەکردونەتەوە.

"ئێمە گۆڕەپانمان جیا نەکردوەتەوە و قوتابیەکان پەیوەندی باشی خۆیان هەیە و هیچ کێشەیەکیان دروست نەکردوە ناچار بە جیا کردنەوەیان بکەین". محەمەد جەمال حسێن، بەڕێوبەری قوتابخانەی (توکن)ی بنەڕەتی لە ناحیەی سەرقەڵا سەربە قەزای کفری، وای وت.

لە بەشێک لە ناوەندەکان ئەگەرچی هەوڵ دەدرێت پەیوەندی هاورێیەتی کچ و کوڕ لەیەکتر نزیک بکرێتەوە بەتایبەت لە گۆڕەپانی پشودانیان، لەگەڵ ئەوەش بەشێک هەن هەر گۆشەگیرن و تێکەڵ نابن.

کاوە ئیبراهیم عەلی، بەڕێوبەری ئامادەیی (فیدراڵ) لە قەزای کفری، باسلەوەدەکات "لە ناوەندەکەمان پەیوەندی نێوان کوڕ و کچەکان ئاسایمان کردوەتەوە لە هەمو رویەکەوە تەنانەت یەک ساحەشمان هەیە و تێکەڵە و جیامان نەکردونەتەوە، بەڵام هەشمانە گۆشەگیرن بە هەردو رەگەز".

لە بەشێک لە ناوەندەکانی خوێندن تەنها بە جیاکردنەوەی گۆڕەپانی پشودانی کوڕ و کچ نەماوەتەوە، بەڵکو لە رێگەی مامۆستا و کامیرەی چاودێرییەوە، چاودێرییان دەکەن.

دانا حەسەن سەعید، مامۆستا و پسپۆڕی کوردی لە ئامادەیی (هاوکاری) لە قەزای کەلار، دەڵێت: "لە ناوەندەکەی ئێمە گۆڕەپانمان جیاکراوەتەوە بە جۆرێکە لە پۆل و راڕەوەکاندا فێرخوازان یەکدی دەبینن ناشزانم هۆکارەکەی چیە، رەنگە هەر ئەوەبێت ترسان بێت لە بەرپرسیارێتی، هەروەها لە راڕەوەکان کامێرای چاودێری هەیە".

لە هەندێک لە ناوەندەکانی خوێندن بەڕێوبەری ناوەندەکان باس لەوە دەکەن کاریگەری کلتوری کۆمەڵایەتی زاڵە بەسەر ناوەندەکانی خوێندن بۆیە تێکەڵ بەیەک نابن.

شەهاب ئەحمەد ساڵح، بەڕێوبەری قوتابخانەی ( کوردۆقاسم)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار، دەڵێت: "ئێمە گۆڕەپانمان تێکەڵە و جیامان نەکردونەتەوە، بەڵکو هەندێک لە کچەکان خۆیان بەدور دەگرن و شەرم دەکەن، لەگەڵ ئەوەش من بۆ ماوەی چەند ساڵە بەڕێوبەرم، هەواڵمداوە ئیدارەی مامۆستایان تێکەڵ بکەم نەمتوانیوە، چ جا بگات بە فێرخوازان، ئەمە کلتوری کۆمەڵگە وای کردوە".

لە هەندێک ناوەند گرفتی بچوکی گۆڕەپانەکانیان هەیە و کە بوەتە گرفت بۆ ئەو کچانەی ئارەزوی تێکەڵاویان نیە.

کامەران عەزیز حسێن، بەڕێوبەری ئامادەییی (کوردستانی نوێ) لە قەزای کەلار رونیدەکاتەوە: "ئێمە گۆڕەپانمان تێکەڵە هەندێک لە کچەکان خۆیان شەرمنن، ئەگەرچی گرفتی بچوکی گۆڕەپانەکەمان هەیە و چەندینجار داوام کردوە گەورەی بکەن بۆمان، بەڵام تاوەکو ئێستا نەکراوە.

بەشێک لە مامۆستایان باس لەوەدەکەن فێرخوازان دەتوانن وەک یەک گۆڕەپانی ناوەندەکان بەکاربهێنن و جیا نەکراونەتەوە.

زاگرۆس ئەحمەد وەلی، مامۆستا وپسپۆری ئابوری لە ئامادەیی (رێبەری ئێواران) لە ناحیەی پێباز، دەڵێت: "ئێمە گۆڕەپانی کچان و کوڕانمان جیا نەکردوەتەوە، بەڵکو هەردو لا وەک یەک دەتوانن بە ئازادی و خواستی خۆیان بەکاری بهێنن بۆ پشو و خوێندنی خۆیان".

لەبەرامبەر ئەوەی کە توێژەران رۆڵیان چیە لەوەی کە گۆڕەپانی فێرخوازان جیا دەکرێنەوە لە ناوەندەکان، توێژەران دەڵێن دەسەڵاتی ئێمە دیاریکراوە لە ناوەندەکانی خوێندن.

عەباس مەحمود محەمەد، سەرپەرشتیاری یەکەی توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەرونی لە پەروەردەی گشتی گەرمیان، دەڵێت: دەسەڵاتی ئێمە لە ناوەندەکانی خوێندن بەرێژەیەکی زۆر دیاریکراوە، زۆرجار بەڕێوبەری ناوەندەکان بڕیاری سەربەستانە دەدەن بەبێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ پەروەردە و توێژەران و کەسانی پسپۆر.

ئەوەشدەخاتەرو: لە چوارچێوەی گۆڕەپان نەماوەتەوە بەڵکو ناوەندی وامان هەیە هەوڵی ئەوەی داوە کە پۆلەکان جیابکاتەوە، بە پاساوی ئەوەی کە ئاگایان لە وانە وتنەوە نیە، ئەم جیاکردنەوەیە خەریکە ئەبێت بە دیاردە ئەمەش پەیوەندی بە لایەنی دینی و پەروەردەی و کلتوری هەندێک لە مامۆستایانەوەیە.

باسیلەوەشکرد: کارمان لەسەر ئەوەکردوە کە نابێت ئەم دو رەگەزە بەشێوەیەک لێبکرێن کە نامۆبن بەیەکتر، بەڵکو پێکەوە تێکەڵبن و بەچاودێری مامۆستایان ئەوەبکرێت، سەرباری ئەوەی کە کامێرای چاودێریش هەیە لە ناوەندەکان، ئەمەش زیاتر لە ئامادەییەکان هەیە.

لە بەرامبەریشدا، عەدالەت لەتیف عوبێد، بەڕێوبەری پەروەردەی کەلار، دەڵێت: "سەبارەت بە جیاکردنەوەی گۆڕەپانی ناوەندەکان هیچ سکاڵایەک نەهاتوەتە لامان دژ بەوە، ئەوەی هەبوە هاتونەتە لامان بۆ جیاکردنەوەی ناوەندەکان بۆ کچ بە کوڕ بەتەنها رەتم کردوەتەوە، چونکە ئەمە سیستەمی خوێندنی سویدیە، ئەم جیاکردنەوەش رێنمای پەروەردە نیە، شتی واش هەبێت ئێمە لیژنەمان هەیە و بەدواداچون دەکەین تا بزانین هۆکاری ئەمە چیە".

وتیشی: هەندێک جار ژینگەی کۆمەڵگە زاڵە بەسەر ناوەندەکان.

ئەو کارانەی بەشێک لە بەرێوبەرەکان ئەنجامی دەدەن لەگەڵ رێنماییەکانی پەروەردە یەکناگرێتەوە، بەرێوبەری پەروەردی کفری، ئیسماعیل سەمین، باسلەوەدەکات: "جیاکردنەوەی گۆرەپانکان لە ناوەندەکان رێنمای پەروەردە نیە، ئەوەی هەیە بەریوبەری ناوەندەکان سەرپشکن لەوەی کە چۆن ناوەندەکەیان بەرێوە دەبەن، بۆ ئەوەی توشی گرفت نەبن فێرخوازان و بەشێوەیەک لە شێوەکان پەروەردەیان دەکەن".

بە پێچەوانەوە سەبارەت بە جیاکردنەوەی گۆرەپانی ناوەندەکان، دارا ئەحمەد سەمین، بەرێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان، ئاماژەی بەوەکرد: جیاکردنەوەی گۆرەپانی ناوەندەکان ئەمە رێنمای پەروەردە نیە و داوای شتی وامان نەکردوە وسەرپێچیە، ئەگەرچی تاوەکو ئێستا هیچ سکاڵایەکمان بۆ نەهاتوە هەشبێت بەدواداچونی بۆ دەکەین، ئەوەی هەمان بێت ئەوەیە خشتەی چاودێریمان هەیە هەر رۆژەو مامۆستایەک چاودێر دەبێت نەک بۆ چاودێری کوڕ و کچ، بەڵکو بۆ تەواوی ناوەندەکەیە".

## ١١. کچانی فێرخواز و نوێنەری پۆل

لە رێناماییەکانی پەروەردەدا شتێک دانەنراوە بە ناوی ئەوەی کچان نەکرێنە نوێنەر، بەڵام لە زۆرینەی قوتابخانەکان کچان لەو کارە دور خراونەتەوە، ئەوەش بەو بیانوەی ئەو کارە بە کچ ناکرێت.

گۆران نامیق ئیبراهیم، مامۆستا و پسپۆری کوردی لە قوتابخانەی (شۆرش)ی بنەرەتی لە قەزای کفری، باسلەوەدەکات: لە ناوەندەکەیان نوێنەرەکان هەمویان کورن، "چونکە ئەو کارە بە کچ ناکرێت و خۆشیان وەری ناگرن".

بەشێک لە مامۆستایان باس لەوە دەکەن هاوسەنگی راگیراوە لە نێوان هەردو رەگەز بۆ بون بە نوێنەری پۆلەکان، بەڵکو لەسەر خواستی فێرخوازانیش هەڵدەبژێردرێن.

ئەژین مەحمود محەمەد، مامۆستا و پسپۆری کیمیا لە ئامادەی (زرنگ) لە ناحیەی رزگاری، دەڵێت: "لە ناوەندەکەی ئێمە لە هەردو رەگەز نوێنەرمان هەیە، بون بە نوێنەر و لەسەر خواستی فێرخوازان خۆیانە و هاوسەنگیمان راگرتوە".

هەندێک لە مامۆستایان باس لەوەدەکەن بۆ بون بە چاودێر لە پۆلەکاندا هەندێک رێگری هەیە ئەویش پەیوەندی بە لایەنی پەروەردەییەکەیەوە هەیە.

سەریاس سەمین ئەحمەد، مامۆستا و پسپۆڕی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەی (ئاڵا)ی بنەڕەتی لە کەلار، دەڵێت: "بۆ راگرتنی هاوسەنگی لە نێوان هەردو رەگەز بۆ بون بە نوێنەر و چاودێریش تاڕادەیەک رێگری هەیە و پەیوەندی بە بنەماکانی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنەوە هەیە".

بەشێک لە مامۆستایان باس لەوە دەکەن کە لەنێوان هەردو رەگەز هاوسەنگیان راگرتوە بۆ بون بە نوێنەری پۆلەکان.

محەمەد کەریم عەلی، بەڕێوبەری قوتابخانەی (هۆشیار)ی بنەڕەتی لە ناحیەی رزگاری دەڵێت: "ئێمە هاوسەنگیمان راگرتوە کە لە هەردو رەگەز نوێنەرمان هەیە لە پۆلەکاندا".

ئەو پەیوەندییەی کە لەنێو فێرخوازانی لادێکان هەیە وایکردوە هاوسەنگی لە دانانی نوێنەرەکاندا هەبێت و کاری نوێنەرەکانیش ئاسانتر بکات.

جوانە حمەنەجیب حمەساڵەح، بەڕێوبەری قوتابخانەی (بەرلوت)ی بنەڕەتی سەربە قەزای کەلار، دەڵێت: "هاوسەنگیمان راگرتوە لە نێوانیان بۆ بون بە نوێنەر لە پۆلەکاندا، هەروەها نوێنەرەکان لەگەڵ قوتابیەکانمان پەیوەندییەکی هاوڕێیەتی باشیان هەیە".

بەشێک لە بەڕێوبەران هۆکاری نەکردنی کچان لە ناوەندەکانی خوێندن بە نوێنەر بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە لە بونی هەرگرفتێک بۆ ئەوەی بەجۆرێک لە جۆرەکان ئیستغلال نەکرێن رێگە نادەن.

هەمزە حەسەن محەمەد، بەڕێوبەری ئامادەیی (برایەتی) لە ناحیەی رزگاری، دەڵێت: "ئێمە کچمان هەبوە نوێنەر بوە و ئاسای بوە بەلای خۆمەوە، بەڵام بۆ ئەوەی لە بونی هەر گرفتێک کە روبدات لە لایەن رەگەزی بەرامبەرەوە توشی سوکایەتی و توانجی ناشرین نەبێتەوە و بەهۆە ئەوە خوێندنەکەی لەدەست نەدات، لە لایەن ماڵەوەیان نەمان هێشتوە".

لە بەشێک لە ناوەندەکان تەواوی نوێنەرەکانیان کوڕن و کچان خۆیان نادەن لەو بەرپرسیارییەتە ئەگەرچی رێگری نیە.

دانا حەسەن سەعید، مامۆستا و پسپۆڕی کوردی لە ئامادەیی (هاوکاری) لە قەزای کەلار دەڵێت: "ئێمە ناوەندەکەمان هەمو نوێنەرەکانیان کوڕن، یەک کچمان هەبو ئەویش وازی هێناوە و رەنگە خۆیان ئارەزویان نەبێت، ئەگینا ئیدارە رێگر نیە لە بون بە نوێنەریان".

هەندێک لە ناوەندەکان هەوڵی ئەوەیان داوە پێچەوانەی ناوەندەکانی دیکە زۆرینەی نوێنەرەکانیان کچ بێت.

ژیان فەیسەڵ سالار، مامۆستا و پسپۆڕی کوردی لە ئامادەیی (هەواسان) لە ناحیەی مەیدان لە سنوری پەروەردەی کەلار، دەڵێت: "لە ناوەندەکەی ئێمە وامان کردوە کە زۆرینەی نوێنەری پۆل کچ بێت".

## ١٢. جیاوازی کردنی مامۆستایان لە نێوان کچان و کوڕان دا

باسی جیاوازی کردن لە نێوان کچان و کوڕان لە ناوەندەکانی خوێندن قسەیەکی نوێ نیە، بەڵام ئەم قسەیە تا ئێستا ماوەتەوە و بەردەوام باس لەوە دەکرێت بەشێکی مامۆستایان لە رێگەی جیاوازەوە ئەو کارە دەکەن، بەشێک لە مامۆستایانیش پێیان وایە جیاوازی دەکرێت و هەندێکیش بە پێچەوانەوە.

زانا جەمیل، مامۆستا و پسپۆڕی هونەر لە ئامادەیی (عەزیز قادر) لە ناحیەی سەرقەڵای سەر بە قەزای کفری، ئاماژە بەوەدەکات: "جیاوازی کردن لە نێوان کچ و کوڕ تا رادەیەکی کەم هەیە".

وتیشی: "لێپێچینەوەکان ئێمە دای نانێین، بەڵکو رێنماییەوە و لە پەروەردەوە بۆمان دێت و جێبەجێی دەکەین".

ژیان فەیسەڵ سالار، مامۆستا و پسپۆڕی کوردی لە ئامادەیی (هەواسان) لە ناحیەی مەیدان لە سنوری پەروەردەی کەلار، بۆچونی هاوتاکەی دوپاتدەکاتەوە و ئەوە روندەکاتەوە هیچ جیاوازی نییە لەنێوان کوڕ و کچ نیە.

هەندێک لە مامۆستایان باس لەوە دەکەن مامەڵەکردن لەگەڵ هەردو رەگەز لە ناوەندەکان ناچێتە قاڵبی جیاوازی کردنەوە.

گۆران نامیق ئیبراهیم، مامۆستا و پسپۆڕی کوردی لە قوتابخانەی (شۆڕش)ی بنەڕەتی لە قەزای کفری وتی: "بێگومان کوڕ و کچ دو مرۆڤی جیاوازن چ لە روی بیرکردنەوە چ لە روی ئاستی زانستی، دەبێت هەر مرۆڤێک بەپێی ئاستی زانستی و باگراوەندی کۆمەڵایەتی خۆی هەڵسوکەوت و رەفتاری لەگەڵدا بکەی ئەمە ناچێتە قاڵبی جیاوازیکردنەوە".

بە هەمانشێوە، ئەژین مەحمود محەمەد، مامۆستا و پسپۆڕی کیمیا لە ئامادەی (زرنگ) لە ناحیەی رزگاری دەڵێت: لە ناوەندەکانی خوێندندا بە شێوەیەکی گشتی جیاوازی لە نێوان کوڕ و کچ دا ناکرێت و خوێندکار هەموی بەیەک چاو سەیر دەکرێت لەڕوی جێبەجێکردنی رێسا و رێنماییەکان و وانە و نمرە و هەرشتێک تایبەت بێت بەخوێندکارانەوە بۆ هەمو قۆناغێک کچان و کوڕان وەک یەکن، ئەوەی هەیە تەنها جیاوازی لێپرسینەوەکانە.

هەندێک لە مامۆستایان پێیانوایە جیاوازی رەگەزی لە ناوەندەکانی خوێندن پرسێکە تاوەکو ئێستا پەروەردە نەک لە گەرمیان، بەڵکو لە کوردستان نەیتوانیوە چارەسەری بکات.

سەریاس سەمین ئەحمەد، مامۆستا و پسپۆری کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەی (ئاڵا)ی بنەڕەتی لە کەلار رونیدەکاتەوە: "پرسی جیاوازی رەگەزی بابەتێکی فەرهەنگیە و تا ئێستاش سیستەمی پەروەردەی هەرێم نەیتوانیوە چارەسەری ریشەیی بکات، خوێندنگە نەیتوانیوە ئەو جیاوازیە کەلتوریە تێپەڕێنێت".

مامۆستایەکی دیکە رایەکی پێچەوانەی هەیە و پێیوایە جیاوازییەکە لە چاو ساڵانی پێشو کەمتربوەتەوە.

زاگرۆس ئەحمەد وەلی، مامۆستا و پسپۆری ئابوری لە ئامادەیی (رێبەری ئێواران) لە ناحیەی پێباز، دەڵێت: "جیاوازی کردنی رەگەزی لە ناوەندەکان زۆر کەمە لە چاو ساڵانی پێشوتر، چونکە ئاستی رۆشنبیری مامۆستایان و کارگێری ناوەندەکان لەگەڵ رێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە هەوڵی ئەوەیە کە جیاوازی رەگەزی نەهێڵێت لە ناوەندەکان".

ئەو جیاوازییانەی باس دەکرێت لە سێ ئاستدایە: زانستی، کۆمەڵایەتی و داراییە و کەمتر رەگەزییە، ئەمەش بە بۆچونی مامۆستایەک.

دانا حەسەن سەعید، مامۆستا و پسپۆری کوردی لە ئامادەیی (هاوکاری) لە قەزای کەلار وتی: "بەشێوەیەکی گشتی جیاوازی رەگەزی هەر هەیە لە ناوەندەکانی خوێندن ئەمەش پەیوەندیدارە بە کۆمەڵگاوە، بۆ نەهێشتنی ئەمەش کاری زۆری ئەوێ، ئەوەی هەیە جیاوازی ئاستی زانستی و کۆمەڵایەتی و داراییە".

## ١٣. راگرتنی هاوسەنگی بەشداریی کچان و کوڕانی فێرخواز لە چالاکیە وەرزشی و هونەریەکان

چالاکیە وەرزشی و هونەرییەکان لایەنێکی گرنگی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنە و راگرتنی هاوسەنگی لە نێوان بەشداریکردن بە کچان و کوڕان لەو چالاکیانەدا گرنگیەکەی زیاتر دەکات.

بێلان لەتیف عەبدوڵڵا، فێرخوازی پۆلی دوانزدە لە ئامادەیی (ئیبراهیم ئەحمەد) لە قەزای کەلار، دەڵێت: "هۆکاری بەشداری نەکردنی کچان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەرفەتێکی وا نەڕەخساوە کە کچ بە دڵی خۆی بەشداری لە کۆڕ و کۆبونەوە هونەریەکان یان وەرزشیەکان بکات، هۆکاری هەرە سەرەکیش بۆ خێزانەکان دەگەڕێتەوە، چونکە پاڵپشتی کچەکان ناکەن کاتێک دەزانن بەهرەیەکیان تێدایە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خێزانەکان بە پێی دابونەریتە کۆنەکان مامەڵە دەکەن نەوەک شێوازی ئێستا".

وتیشی: مامۆستایان یان بەڕێوبەران هیچ رێگر نین، زۆریش پاڵپشتن بۆ فێربونی هەر دو رەگەز لەو بوارانەدا، راستە لە هەندێک شوێن دەبینێرت کە کوڕان زیاتر بەشداریان پێ دەکرێت لە چالاکیەکانی قوتابخانەکاندا، ئەمەش هەر هۆکارەکەی بۆ خێزانەکان دەگەڕێتەوە، چونکە ئەگەر ئەوان رێگە خۆشکەر بن ئەوا کچان دەتوانن بەشداری ئەو چالاکیانە بکەن بەبێ هیچ بەربەستێک.

"لە ناوەندەکەی ئێمە کچان وەرزش ناکەن بە هۆکاری ئەوەی کە تەنورەمان لە پێیە و رێگەش نادەن بە جلی دیکەوە وەرزش بکەین، هەروەها کچەکان داوایان کردوە لە مامۆستای وەرزشمان کە ئەیانەوێت یاری بکەن، ئەویش لە وەڵام پێی وتون کە ئیدارەی مەکتەبەکەمان رێگە نادەن بە جلی دیکە وەرزش بکەن، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە تێکەڵن". ئیلاف گۆران، فێرخوازی یانزەی زانستی لە ئامادەیی (کوردستانی نوێ) لە قەزای کەلار وای وت.

هەندێک لە مامۆستایانی وەرزش باس لەوە دەکەن هۆکار زۆرە بۆ ئەوەی کە کچان بێبەشبن لە چالاکیە وەرزشیەکان یەکێک لەوانە زاڵبونی لایەنی ئاینییە.

هێمن خەلیل کاکە ئەحمەد، مامۆستا و پسپۆری وەرزش لە قوتابخانەی (عیسایی) بنەڕەتی سەربە قەزای کەلار، ئاماژەبەوەدەکات: "هۆکار زۆرن بۆ ئەوەی رێگە نەدەن کە کچان بەشداری چالاکی وەرزشی بکات یەکێک لەوانە دین و دابونەریتی کۆمەڵگەیە، هەروەها نەبونی مامۆستای پسپۆری وەرزشی ئافرەت لە ناوەندەکان، لەگەڵ ئەوەش کچان خۆیان کە بەشداری چالاکیە وەرزشیەکان ناکەن".

وتیشی: نەبونی یاریگای تایبەت بە کچان لە ناوەندەکان هۆکارە، چونکە کچان لایەنی شەرمیان زاڵە وەک لە کوڕان.

مامۆستایانی هونەر باس لەوە دەکەن بەهۆی بایکۆت و دۆخی داراییەوە بابەتی هونەر پاشەکشەی پێکرا لە ناوەندەکانی خوێندن، ئەمەش وایکرد زۆر گرنگی بە بابەتەکە نەدرێت.

محەمەد عەبدولستار، مامۆستا و پسپۆری هونەر لە ئامادەیی (شەهید بورهان) لە قەزای کەلار، ئەوەدەخاتە رو: "یەکێک لە گرفتەکان ئەوەیە کە بەهۆی بایکۆتی ناوەندەکانی خوێندن گرنگی بە بابەتی هونەر نەدرا، ئەمەش وایکرد فێرخوازان لێی پاشەکشە بکەن بەتایبەت کچەکان، هەروەها لە گەرمیان کچان زیاتر دەچنە بواری شێوەکاری کەمتر گرنگی بە موزیک دەدەن بەتایبەت ناوەندەکان".

وتیشی: یەکێکی تر لە هۆکارەکان داخراوی کۆمەڵگەیە کە بەچاوێک سەیری بابەتی هونەریان کردوە و بە حەرامی دەزانن، لەگەڵ ئەوەش ناوەندەکەی ئێمە کچان زۆر بەشداری چالاکی هونەری دەکەن و کوڕەکانیش زیاتر پەیوەستن بە وەرزش وەک لە هونەر، هەروەها خەمساردی مامۆستایانی بابەتەکە یەکێکی ترە لە هۆکارەکان.

لە بەشێکی ناوەندەکانی خوێندن بەڕێوبەران هەوڵی ئەوە دەدەن کە چەند کوڕان بەشداری چالاکیە وەرزشی و هونەرییەکانیان پێدەکرێت، هێندەش کچان بەشداری پێبکەن.

کاوە ئیبراهیم عەلی، بەڕێوبەری ئامادەیی (فیدراڵ) لە قەزای کفری، دەڵێت: "بۆ بەشداری چالاکیەکان ئەگەر هەمان بێت هەردو رەگەز وەک یەک بەشداری پێدەکەین، چەند کوڕەکانمان بەشداری پێبکەین هێندەش کچەکان".

بە هەمانشێوە، جوانە حمەنەجیب حمەساڵح، بەڕێوبەری قوتابخانەی (بەرلوت)ی بنەڕەتی سەربە قەزای کەلار، ئاماژە بەوەدەکات: "ناوەندەکەی ئێمە وەک یەک وەرزش دەکەن، تەنها پۆلی نۆ نەبێت خۆیان بەدوردەگرن وەک بڵێی گەورەبون".

لە بەشێکی ناوەندەکان ئەگەرچی ئیدارەی ئەو ناوەندە هەوڵدەدات هاوسەنگی لە نێوان هەردو رەگەز رابگرێت لە روی ئەنجامدانی چالاکی وەرزشی، بەڵام کچان خۆیان بەدور دەگرن.

شەهاب ئەحمەد ساڵح، بەڕێوبەری قوتابخانەی (کوردۆ قاسم)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار، دەڵێت: "ئێمە راستە گۆڕەپانی ناوەندەکەمان تێکەڵە، بەڵام فێرخوازان پێکەوە وەرزش ناکەن، هۆکاری ئەمەش کۆمەڵگەیە کە وایکردوە کچان کە چونە تەمەنێکی دیاریکراو شەرم بکەن لە چالاکی وەرزشی، ئەگەرچی من هیچ رێگری ئەوە نیم".

وەزارەتی پەروەردە لە ناوەندەکانی ئێواران بابەتی هونەر و وەرزشی هەڵگرتوە، ئەگەرچی فێرخوازانی ئەو ناوەندانەش خولیایان بۆ ئەو دو بابەتە هەیە.

سەبارەت بە بەشداری چالاکیە وەرزشی و هونەرییەکان لە ناوەندەکانی خوێندن، ئیسماعیل سەمین، بەڕێوبەری پەروەردی کفری، دەڵێت: "لە سنوری کفری بەشێکی باشی فێرخوازان بەشداری چالاکیە وەرزشیەکان و هونەرییەکان دەکەن، بەڵام لە ئێستادا بەشێکی زۆری فێرخواز و فێرخواز بۆ نمرە دەخوێنن".

## ١٤. بەرپرسانی پەروەردی لە بارەی جیاوازی رەگەزی لە ناوەندەکان چی دەڵێن؟

بەڕێوبەرانی هەریەک لە پەروەردەکانی کەلار و کفری و سەرپەرشتیارانی توێژەران لە ناوەندەکانی خوێندن بەجۆرێک باس لە جیاوازی رەگەزی دەکەن لە ناوەندەکان، هۆکاری ئەو جیاوازیانە بە ژینگە و کۆمەڵگە دەبەستنەوە.

عەدالەت لەتیف عوبێد، بەڕێوبەری پەروەردەی کەلار، سەبارەت بە جیاوازی رەگەزی لە ناوەنەدکانی خوێندن ئاماژەی بەوەکرد: "جیاوازی رەگەزی بەهیچ شێوەیەک لە ناوەندەکان نیە، ئەوەشی هەبێت پەیوەندی بە ژینگەی کۆمەڵگاکەوە

هەیە و خۆیان ئەو جیاوازیە دروست دەکەن، ئەوەی بڕیاری پەروەردە بێت کە شتی وا هەبێت شتی وانیە کە بیسەپێنێت لە ناوەندەکان".

وتیشی: لایەنی دینی هەیە لە ناوەندەکان و بەرونی دیارە، ئەمەش هەر لایەنی ژینگەی و کۆمەڵگەی وایکردوە بێتە ناوەندەکانەوە.

"جیاوازی رەگەزی نیە لە ناوەندەکان لە نێوان کچان و کوڕان، ئەوەشی هەیە تاکیە واتا پەیوەندی بە لایەنی کۆمەڵایەتی و زانستی و چۆنیەتی رەفتارەکانی فێرخوازانەوە هەیە". ئیسماعیل سەمین، بەڕێوبەری پەروەردی کفری، وای وت.

وتیشی: بونی کامێرای چاودێری لە ناوەندەکان بۆ ئەوە نیە کە جیاوازی دروست بکات لە نێوان فێرخوازان، بەڵکو ئەوەی هەیە تەنها بۆ چاودێریکردنی ناوەندەکانی خوێندنە بۆ بونی هەرگرفتێک، چونکە پێویستیان بە چاودێریکردن هەیە بۆ ئەوەی تاکێکی باش پەروەردە بکەیت.

توێژەرانی کۆمەڵایەنی باس لەوەدەکەن بۆ نەهێشتنی جیاوازی رەگەزی لە ناوەندەکان رۆڵیان هەبوە ئەگەرچی لە زۆر ناوەند ئەو بوارە ناڕەخسێنن.

عەباس مەحمود محەمەد، سەرپەرشتیاری یەکەی توێژەرانی کۆمەلایەتی و دەرونی لە پەروەردەی گشتی گەرمیان، دەڵێت: "ئێمە بۆ پاراستنی ئەو بالانسە جێندەرییەی کە هەیە لە ناوەندەکانی خوێندن کە کچ و کوڕن، هەوڵمانداوە لە هەردو رەگەز توێژەر دابین بکەین بۆ ناوەندەکان، بە تایبەت بۆ کچان بۆ ئەوەی لەو کێشە و گرفتانەی کە هەیانە لەو رێنماییەی توێژەران بێبەش نەبن".

وتیشی: زۆرجار ئەوەمان بە توێژەران وتوە کە زیاتر گرنگی بە کچەکان بدەن، چونکە کەمتر دەچنە لایان بەهۆی ئەوە کە متمانەیان کەمترە، ئەگەرچی زۆر ناوەند بواری ئەوەی نەداوە کە کچان بتوانن کێشەکانیان بە ئازادی و ویستی خۆی بۆ توێژەران باس بکەن.

لە بەرامبەریشدا، دارا ئەحمەد سەمین، بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان، سەبارەت بە جیاوازی رەگەزی لە ناوەندەکانی خوێندن دەڵێت: "لە پەروەردەمان هەر ناوەندە و دیدگای تایبەت بە خۆی هەیە، بە تایبەت کە پرۆگرامی هاوڕێی رەخنەگرمان تێدا جێبەجێکردوە، داواشمان لە سەرپەرشتیاران کردوە ئەو دیدگایەی کە هەیە لە ناوەندەکان لە شێوێنێکی بەرچاو هەڵبواسرێت، ئەم دیدگایەش لە چەن خاڵێک پێکهاتوە یەکێک لەوانە ئەوەیە کە هەمیشە هەوڵبدرێت جیاوازی جێندەری نەهێڵدرێت لە ناوەندەکان، لەگەڵ ئەوەش ئەو جیاوازییە هەر دەبینرێت".

وتیشی: دیدگای ئێمە وایە لە باخچەی ساوایانەوە هەتاوەکو دوا قۆناغی خوێندن هەردو رەگەز تێکەڵبن، بۆ ئەوەی پەروەردەیەکی تەندروستتر هەبێت، ئەگەرچی زۆرجار داوامان لێکراوە کە ناوەندەکان لەیەکتر جیابکرێنەوە، بەڵام ئێمە ئەوەمان نەویستوە، بەڵکو هەوڵمانداوە پەیوەندییەکی پتەو و هاوڕێیەتی و خۆشەویستی لەنێوان هەردو رەگەز دروست بکەین.

## بەشی سێیەم: راسپاردەکان

١. پرسی جیاکاری رەگەزی، یەکێک نیە لەو پرس و بابەتانەی کە گرنگیەکی ئەوتۆی لە ناوەندەکانی خوێندن پێبدرێت، ئەمەش رەنگە پەیوەندی بەو کێشە زۆرانەوە هەبێت کە سیستەمی پەروەردەو خوێندن لە هەرێم و بەتایبەت گەرمیان هەیەتی، هەر لەروی پرۆگرام و بینا و ... هتد. بۆ ئەمەش دەبێت پێداچونەوەیەک بکرێت لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە.

٢. پەروەردە لایەنێکی گرنگە بۆ چاندنی زۆر پرس و بیر لە ناخی تاکەکان، بەڵام ئەم بوارە بۆ پەرەدان بە یەکسانی رەگەزیی و بەرەنگاربونەوەی جیاکاریی رەگەزی و کۆتاییهێنان بە دیاردەی بە کەم سەیرکردنی مێینە لەکۆمەڵگا نەقۆزراوەتەوە، بەڵکو درێژەپێدەری هەمان رەوتە کەلە کۆمەڵگادا هەیە.

٣. گەورەترین گرفت ئەوەیە کە بەشێکی زۆری مامۆستایانی ژن و پیاو خۆیان پەیوەندیەکی تەندروست و هاوئاهەنگ و یەکسان لەنێوانیان دا نییە، لە بەشێک لە قوتابخانەکان هەر رەگەزە و خاوەنی ئیدارەی خۆیەتی، واتا تائێستاش هێندە نەبون بە ئاشنا و دۆست و هاورێ کە بتوانن پێکەوە لەیەک ژور و پۆلدا بن، بۆیە زەحمەتە هەڵگرانی وەها بیرکردنەوەو قەناعەتێک، رۆڵیان هەبێت لە نەهێشتنی جیاکاریی رەگەزیی و بەرقەرارکردنی یەکسانی.

٤. ژینگەی زۆرینەی قوتابخانەکان، ژینگەیەکی موحافزکارە، بەو مانایەی هەمان بارودۆخ کە لە دەرەوەی ناوەندەکانی خوێندن دا هەیە، لێرەش دا زاڵە، لەنێویشیاندا جیاکاریی رەگەزیی و نایەکسانی رەگەزیی، بەڵام دەبێت ئەم ناوەندانە نمونە و پێشەنگ بن بۆ وەلانانی ئەم جۆرە بیرکردنەوانە.

٥. لە زۆرینەی ناوەندەکانی خوێندن، هەمو پەیوەندیەکی نێوان فێرخوازانی کوڕ و کچ، گرێدەدرێتەوە بە لایەنی خۆشەویستی و دڵدارییەوە، ئەمەش ناحاڵیبون و کێشەیەکی گەورەیە و رۆڵی هەیە لە بەردەوامی دان بەوەی کچان لە دۆڵێک بن و کوڕانیش لە دۆڵێک.

٦. پرسی ژن پرسێکی هەستیارە، هەتاوەکو لە روی پەروەردەوە پەرەری پێنەدرێت قورس دەبێت لە کایەکانی ترەوە بەرەوپێش بڕوات، بۆیە دەبێت پرۆگرامی خوێندن بەجۆرێک دابڕێژرێت و چالاکیەکان بەشێوەیەک بێت کە رەگەزی مێ هەست نەکەن لە پلەی دوەمن.

٧. ئامانجی سەرەکی تێکەڵکردنی ناوەندەکان بۆ ئەوەیە ئەو بەربەککەوتنانەی کە هەیە لە نێوان هەردو رەگەز نەهێڵدرێت، بەڵام ئەم تێکەڵکردنانە شکڵین و هەردو رەگەز تاوەکو ئێستاش ناتوانن لەیەک تێبگەن و هەستیارییان هەیە بەرامبەر بەیەک ئەمەش پێویستی بە پرۆگرامی پەروەردەییە.

٨. لایەنی ئاینی و دابونەریتی کۆمەڵگا بە تەواوی تێکەڵاوی لەگەڵ پرۆسەی خوێندن هەیە ئەمەش کاریگەری لەسەر جیاکارییەکان دروستکردوە، لە کاتێکدا پێویستە ناوەندەکانی خوێندن بەدوربێت لەم جۆرە مامەڵە کردنانە.

٩. راگرتنی هاوسەنگی لە نێوان هەردو رەگەز بۆ بەشداری پێکردنیان لە چالاکیە هونەری و وەرزشیەکان، نەک بەشداری پێکردنی رەگەزێکیان و پشتگوێخستنی رەگەزەکەی دیکە.

١٠. پێویستە دەرفەت بە توێژەرانی دەرونی و کۆمەڵایەتی بدرێت لە ناوەندەکانی خوێندن بە ئەرکی خۆیان هەستن لە پێدانی رێنمای بە فێرخوازان، لەگەڵ ئەوەش بە بەردەوامی خولیان بۆ بکرێتەوە.

١١. دەتوانرێت بە چەند رێگایەک کار بکرێت بۆ کەمکردنەوەی ئەو ساردیی و جیاکاریە رەگەزیەی لەنێوان نێر و مێ دا هەیە لە کۆمەڵگا، لەرێگەی ناوەندەکانی خوێندنەوە، لەوانە:

- تێکەڵکردنی گۆرەپانی پشودان، بۆ ئەوەی تێکەڵبونیان بە رەگەزی بەرامبەر لێ نەبێت بە دێوەزمە و ئەو کارەیان لەلا ئاسایی بێت.

- پەرەدان بە چالاکیی وەرزشی و پێکهێنانی تیمی وەرزشیی هاوبەش لەروی رەگەزیەوە، ئەم تیمانە پێبرکێ و یاریی بکەن پێکەوەو لەم رێگەیەوە جیاکاریەکی ئەوتۆ نامێنێت، چونکە ئێستا بەشێکی زۆری ناوەندەکان، کچان لە وەرزشکردن بێبەش کراون.

- ئەنجامدانی چالاکی رۆشنبیریی و زانستی، وەکو پێشبرکێی رۆشنبیریی و چالاکی ئەدەبی و زانستی و هاوشێوەکانی، بۆ ئەوەی لەرێگەیەوە بەستەڵەکی پەیوەندی ئەم دو رەگەزە بتوێنرێتەوەو جیاکاریی لەنێوانیاندا نەهێڵرێت.

- ئەنجامدانی چالاکی هونەریی، مۆزیک و شانۆ و شێوەکاری و هاوشێوەکانیان، ئەنجامدانی پێشبرکێ و رەخساندنی دەرفەت بۆ هەردو رەگەز بۆ بەشدارییکردن تیایاندا بەشێوەیەکی یەکسان.

- چالاکییەکانی وەک کۆڕ و سیمینار پەرەپێبدرێت سەبارەت بە جیاوازی جێندەری بۆ ئەوەی ئەو بەربەک کەوتنانەی کە هەیە لە ناوەندەکانی خوێندن لەلایەن هەردو رەگەز کاڵ بکرێنەوە.

- هەوڵ بدرێت هاوسەنگی لە دانانی نوێنەری پۆلەکان لەسەر بنەمای رەگەزی رەچاو بکرێت، دەشتوانرێت هەرپۆلە و ٢ نوێنەری بۆ دەستنیشان بکرێت کە یەکێکیان کوڕ و ئەوی دیکەیان کچ بێت.

*** ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:**

١. ئەحمەد حەمید وەلی، سەرپەرشتیاری یەکە

٢. زریان محەمەد، لێپرسراوی دۆسیەی پەروەردە

٣. رێناس سالّح، لێپرسراوی دۆسیەی تەندروستی

*** بۆ پەیوەندی:**

٠٧٧٠٢٣٠٣٦٧٦ – ٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠

Radiodeng@yahoo.com

Radiodang.org